# فەلسەفەی من



دکتۆر کەمال میراودەلی

بەشی پازدە

## پرسی ناو و پرسی بوون:

### 6- بوونی بێ ناو نابێتە بابەتی بوونیاریی

بەڵێ، گەر بڵێین ئەرستۆ لە شتی یەکەم و دووەم و سێیەم و دەیەم و سەردەمی کۆڵیەوە و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو شتانە شتێتیی خۆیان هەیە. ئەمە هیچ بۆ ئێمە ناگەیەنێت، چونکە هیچ باسێک دەربارەی هیچ شتێکی دیاریکراو نییە. بەڵام وەک لۆجیک مانای هەیە.

ماناکەشی ئەوەیە کە هەموو شتەکان، هەر شتیک بن، بەلای ئەرستۆوە شتێتیی خۆیان هەیە واتە تایبەتمەندییەکی تایبەت بە تاکی خۆیان هەیە کە ئەو تایبەتمەندییە خۆناسیی و بناسیان دەداتێ ئەوەش ناو دەنێ: گەوهەری شتەکان، ئەو شتانەش کە شتی ماددیش نین وەک جوانیی، هۆشیاریی و... هتد، دەتوانین بە کاریی عەقلیی لێکیان بدینەوە و تایبەتمەندییە گەوهەرییەکانی ئەوانیش دیاری بکەین. ئەمەیە کاریی لۆجیکی فەلسەفیی. بەڵام لەمە زیاتر ناوی ( شت ) زانیارییەک بە ئێمە نادات.

شت فێڵێکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نەزانراو. قسەکردن دەربارەی هەموو شتێک و هیچیش.

هیچ باسێکی کۆنکریتیش دەربارەی شتەکانی 1. 2. 3 نییە چونکە شتەکان لەم ئاستەدا ناشێ باس بکرێن، ناشێ وەک شت بکرینە بابەتی باس، سەرنج، لێکدانەوە.

بۆ؟

چونکە ناویان نییە!

کەواتە بێ گومان بوون هەیە:

هەزاران جۆر بوون و دیاردەو ڕواڵەت و ڕووداوی بوون لە جیهان و گەردووندا هەیە، ئێمە بیانزانین یان نەیانزانین، ئێمە هەبین یان نەبین.

بەڵام بۆ ئێمەی مرۆڤ بوون تەنیا ئەو کاتە وەک سەرەتاو پرینسیپ و کردەو پرۆسەی بوون دەستپێدەکات کە شتەکان ناوێکیان دەبێت، یان ناوێکیان دەدەینێ جا هەر ناوێک بێت

تا ناو نەبێت باسی ناو یان زانین نابێت. واتە وتاری زانستیی و فەلسەفییش تەنانەت ئاخاوتنی مرۆڤ، ناشێ ببێت.

**سەرنج بدە!!**

**1- ناوەکان کۆی زانیاریی مرۆڤ و کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتین**

زۆربەی ئەوەی ئێستا دەیزانین ئەوەیە، کە بە پرۆسەی مێژوویی وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە بە کارو کارسازیی تەکنۆلۆجیبوونی خودی جەستەی مرۆڤ و پێوەندی تەکنۆلۆجی مانەوەو خۆژیاندن و ژیان دروستکردنی بە سروشتەوە ناوەکان دروستبوون بە بێ ئەوەی ئێمە سەرەتاو پرۆسەی دروستبوونیان، بە لێکدانەوەی عەقڵی و بەڵگەی هەستیی و مێژوویی نەبێت، بزانین. بەڵکو کۆبەندی زانینی ئێمە بە تایبەتی زانینی گشتیی بە کۆمەڵ، بوونی ئەو ناوانەو وشانەی زمانە.

گەر ناوی ئەسپ. کەر، ئەستێرە، گوڵ، داربەڕوو، ئاو. خاک، ئاگر، کەرویشک، چەکوش، داس، چەقۆ، گاسن، قەڵەم، کاغەز و... هتد، نەبان. ئێمە نەماندەزانی ئەوانە چین یان بشمانبینیبان تەنیا وەک زینەوەرو دەعبا یان شت ئاماژەمان بۆ دەکردن.

کەواتە زانینی بێ ناو و کۆگەیاندنی زانین، بەبێ بوونی ناوەکان، نییە.

## 2- زانستی مۆدێرن ناوەکان کردوویاننە هاوبەشی مرۆڤایەتی

یان زۆربەی زانستی ئێمە بە تایبەتی لە دنیای مۆدێرندا ئەوەیە کە بەرهەمی عەقلی فەلسەفیی و دۆزینەوە لێکۆڵینەوە و داهێنانی زانایانە: ئەوان دیاردەیەکی سروشت، گەردوون، ڕووەکێکی نوێ، زینەوەرێکی دەریایی نوێ و... هتد، دەدۆزنەوە، یان ئەستێرەو هەسارەیەکی نەزانراو لە گەردوون کەشف دەکەن و یا میکرۆب و بەکتریایەکی تازە دەدۆزنەوە و... هتد، دێن تایبەتمەندیی و ڕەوشی بوونیان و گەوهەری ئەو شتە دۆزراوانە وەسف دەکەن، بەڵام گەر وەک ئەو نموونەی پێشتر دەربارەی ئەرستۆ پێشکەشم کرد، بڵێین شتی یەک دوو سێ، یان دۆزراوەی یەک و دووەم و دەیەم ئێمە زانینی ئەوانمان پێناگات و بەردەوامیی وەرناگرێت. دەبێ دۆزراوەکانیان یان داهینانەکانیان ناو بنێن. بۆیە ئێستا ئێمە دەزانین کارەبا، گلۆپ، شەمەندەفەر، هیلیکۆپتەر، ئوتومۆبێل، ئۆکسجین، هایدرۆجین، هیمۆگلۆبین، پرۆتین، ئەلەمنیۆم، قیر، بەنزین، ڤایرۆس، بەکتریا، هۆرمۆن، ئینسۆلین، سەتەلایت، تەلەفزیۆن، سمارتفۆن، کۆمپیوتەر و... هتد، و... هتد، چین و یان زانیاریمان دەربارەیان هەیە یان دەتوانین

بیانناسین یان بەکاریان بێنین، چونکە هەموو ئەوانە هەن، چونکە دۆزراونەوەو داهێنراون و ناونراون. بۆیە دەزانین ئەوانە چین وگەر نەشزانین بە هۆی ناوەکانیانەوە دەتوانین بە دوای ناوەکان لە فەرهەنگ یان ئینسکلۆپیدیا یان گووگل بگەڕێین و باسی تەواو دەربارەیان بخوێنینەوە. بەڵا هیچ شتی تا ناو نەنرێ ناشێ باس بکرێ.

### 3- سسیتمی باوەڕودین وخواناسیی مرۆڤیی، بێ ناوەکانی خودا پێک نایەت:

گەر خوداش ناوی جۆراوجۆری لە هەموو زمانێکدا نەبایە خەلکی ئەو زمانانە نەدەشیا باسی بکەن و بیناسن.

گەرچی بە هەست ورۆحیانەتیش هەستیان بە بوونی کردگارێک کردبایە بەلام نەیاندەتوانی باسی بکەن و بە یەکتری بناسێنن و زانیاری دەربارە بگۆڕنەوەو عیبادەتی بکەن بە بێ ئەوەی بتوانن ناوی بێنن!!

بۆ نموونە ناوی الله ناوی عەرەب و عەرەبییە بۆ خودا.

پەروەردگار ناوی بدەینێ یان نا هەیەو ئەزەلیی و گەردوونییەو لە هەموو شوێن و کاتێکدا ئامادەیە، بەلام بە بێ ئەو ناوە عەرەب یان ئیسلامی عەرەبی نەیدەتوانی لە بتپەرستیی ڕزگاری بێت و کۆبەندی ئایینی و سیستمی عەقیدەیی دروست بکات.

ئەو شێوەیەی کە عەرەب و زمانی عەرەبی ناوی خودا واتە الله بەکاردێنێ لە هیچ زمان و سسیتمێکی ئایینی تردا وا بەکارنایە، بۆ نموونە شێوەی بەکارهێنانی ئینشائەڵلا، ئەستەغفیروڵا، ئەلحەمدولیللا، ئەڵلاهوئەکبەر، لائیلاهە ئیللا الله تا بەکارهێنانی سوێندەکانی وەڵلاهی، وەڵلا وە بیللا وە تەڵلا و زۆر جۆرە بەکارهێنانێکی تر، هیچیان بە بێ ناوی الله نەدەبوو.

ناوی الله لە عەرەب و زمانی عەرەبی و ئیسلام قەدەغە بکە، هەموو سیستمە دینییەکە هەرەس دێنێت. کەواتە لە رووی عەقلانییەوە هەموو زانینی ئێمە دەربارەی خودا لە زمانی عەرەبی و دینی ئیسلامییدا بە بوونی تاکە ناوی الله وە زیاتر لە هەر شتێکی تر بەندە. ئەمەش

دووباره گرنگی گەوهەریی ناو لە دامەزراندنی سیستمی ئایینی و هزریی و فەلسەفیی و لۆجیکدا دەردەخات.

**4- منالەکەت تا ناوی نەنێی ناناسرێت:**

چ بوونێک خۆشتر و بە خرۆشتر و ڕاستەقینەترە لە لە دایکبوونی کۆرپەیەک؟

ئەوە بوونێکی تاکە، کۆرپەمرۆڤە، کچ یان کوڕی دایک و باوکێکە. و بۆ باوەشی ئەوان و ژیان لە دایک دەبێت.

بەڵام چۆن باسی ئەو کۆرپە دەکەین؟ دایک و باوک چۆن وەسفی دەکەن؟

کە تازە لە دایک دەبێ دەشێ دایک و باوک وەک منالە لەدایکبۆکەمان، باسی بکەن، کچە یان کوڕە ، کێشی چەندە، ڕەنگی چۆنە، تەندروستیی چۆنە.

دوای حەفتەی، دوو، سێ زەحمەت دەبێ بە بێ ناو باسی بکەن.

یەکەم پرسیاری خەڵک ئەوە دەبێ: ناوی چیتان لێ ناوە؟ ناوی چییە؟

لێرەدا چییەتی و ناو هاوکێشە دەبن.

بە بێ ناو ناتوانن باسی بکەن.

بەبێ ناو بەڵگەنامەی بوون یان بووننامە/ زانىنامە بەدەست ناهێنێت. ناسنامەی نابێت.

کە منالێ ساوا چەندین جار بە ناوی خۆی بانگ دەکەین ئەوە هەر بۆ ئەوە نییە کە سەرنجی ئەو بۆخۆمان ڕاکیشین، کە دەمانەوێ قسەی لەگەڵدا بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەشە کە ئەو خۆی بەو ناوە خۆی بناسێ، ناوەکە دەبیتە خۆناسیی و بناسی ئەو و لەگەڵی گەورە دەبێت.

### 5- هەموو کەس نامۆو غەریب دەمێننەوە بێ ناو

کە دەمانەوێ کەسێکی غەریبە بناسین یەکەم پرسیار ئەوەیە: ناوت چییە؟ بە بێ ناو ئەستەمە ئاشنایەتیی و ناسین دروست بێت.

### 6- ناو کۆگای بیرەوەریی و یادەوەرییە

هەر لەمەشەوە یادەکانمان، بیرەوەریی و ئەزموونەکانمان بە ناوەکانەوە بەندە. لە ناوەکانەوە یادو یادەوەرییە کۆن و بەسەر یەکدا کەڵەکەبووەکان دەژێنەوەو دێنەوە.

### 7- ناو نوێنەری  مێژووی ستەم و زۆردارییە.

هەموو مێژووی ستەم و زۆرداریی و ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمی سیاسیی و کەلتووریی، بە داگیرکاریی یان  بە زەبری هێز گەرچی هێزی نەرم یش بێت (واتە بێ توندوتیژیی  وەک زالبوونی ئابووریی، سنعەتیی، تەکنۆلۆجیی،  عەولەمە و... هتد، لە گۆڕین و سەپاندن و گشتییکردنی ناوەکاندا خۆی دەردەخات، وەک زەبری نەرم لە سەرەوە بەرهەمە ناوەکانی زانست و تەکنۆلۆجیم وەک تەلەفزیۆن و سەتەلایت و کۆمپیوتەر ئاماژە پێدا.

بەڵام کاریی دڕندەیی هێز لە سڕینەوەی تەواوی ناوی گەلان و وڵاتان و تەواوی زمان و شارستانییەتی مێژوویی یان خۆی دەردەخات. ناوی داگیرکەر دەبێتە ناوی وڵاتەکان و میراتگرەوەی شارستانێتییەکەیان بە ناوی خۆیەوە. کوان شارستانییەکانی ئاشووریی، سۆمەریی، میدیی، کلدانی، فیرعەونی، قوبتی، بێزەنتی، ساسانیی، عەباسیی و... هتد، هەر داگیرکەرێک ناوی خۆی کردۆتە دەسەڵاتدارو میراتگر و مێژووی ئەوانی پێشتری کوێر کردۆتەوە، مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە دوای سەدان ساڵ، زیاتر بە هۆی هەوڵەکانی ڕۆژاواوە، لە بنی حەشاردراوی زەوییدا لە ئەرکیۆلۆجیدا دەربکەونەوە و داوای گێڕانەوەی ناوی خۆیان بکەنەوە.

### 8- نامۆساید {ناوکوژیی} = ژینۆساید (نەژادکوژیی)

کوشتنی ناوی گەلێک یەکسانە بە ژینۆسایدکردنی واتە نەبوونی تایبەتمەندیی فیزیکیی و کەلتووریی وەک ئەو گەلە.

دەیان نەتەوەی خاوەن شارستانیی مەزن لە ئەنجامی هێرشەکانی وەحشییەتی غەزەواتی ئیسلامییدا تووشی جێنۆساید بوون و، نامۆساید یان بەسەردا سەپێندراوە بە جۆرێ نەک تەنیا ناوەکانیان لە بیرەوەریدا بسڕنەوە، بەڵکو ئەسڵ و نەسەبی خۆیان بۆ تیرەکانی عەرەب بگێڕنەوەو، بەمە گەورەترین حەملەی نامۆسایدی تەعریبی دینییان لە مێژوودا ئەنجام داوە. کە تا ئیستاش دەیان گەل و گرۆی نەژادیی بە دەردەکانیەوە دەناڵێنن.

گەلێکی خاوەن شارستانی قوبتی مەزنی وەک ئەمازیغییەکان، ئێستاش بە یاسا لە مەغریب ڕێگەیان نادرێ ناوی ئەمازیغیی ڕەسەن لە مناڵەکانیان بنێن. حەفتەی ڕابردوو، بە زۆر دایک و باوکێکیان ناچار کرد، کە ناوی ئەمازیغی مناڵەکەی بگۆڕێ بۆ عەرەبیی و ئامادەنەبوون بەو ناوەوە تۆماری بکەن. ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا کە قورئان هەموو ناوەکان و زمانەکان وەک یەک وەک [ئایاتی خودا] سەیر دەکات و دەڵێ: خودا بۆ هەموو نەتەوەیەک پێغەمبەری بە زمانی خۆی ناردووە.

هەمان شت بەرامبەر کورد لە تورکیا کراوەو دەکرێت.

پێیش دروستبوونی تورکیا وەک دەوڵەت و ناوێکی ڕەگەزپەرستی نەتەوەپەرستیی، شتێک نەبووە بە ناوی زمانی تورکی، کەلتووری تورکیی، کۆمەڵگای تورکی، مۆسیقای تورکی و... هتد، بەڵکو دەوڵەتی عوسمانی ولاتیێکی کۆسمۆپۆلیتی نەتەوەو گرۆی نەژادیی جیا بوو. بە تایبەتی لە کوردستان و ئەرمەنستاندا، تورکیا و تورکبوون لە سەر حیسابی لە ناوبردن و قەلاچۆکردنی ئەرمەن و تورکاندنی کورد و قەدەغەکردنی زمانەکەی و دزینی فۆلکلۆرو میراتی کولتووری کورد پێکهات. جگە لە گۆڕینی ناوی شارو شاخ گوند و ڕووبار و بنار. تەنانەت تورک ناوە کوردییەکانی گوڵ و گیا و درەخت و ڕووەکەکانی کوردستانیشی گۆرین و خواردن و مۆسیقاو فۆلکلۆرو پیشە دەستییەکانی کوردی کرد بە هی تورک. و خوێندن و فێربوون و تەنانەت

قسەکردنی بە کوردیی قەدەغەکرد. ماوەیەک پێش ئێستا دووبارە حکومەتی تورک پرۆژەی یاسایەکی پێشکەشی پەرلەمان کرد، کە ناوی کوردو کوردستان قەدەغە بکاتەوە.

ئەوەتا ئێستا هەموو مێژووی ناوچەکە وەک مێژووی تورکیا دەنووسرێتەوە، گەرچی تا سەد ساڵ پێشتر ئەو ناوە نەبووە، و دنیاش ئەمە قبووڵ دەکا و زانکۆکانی دنیا ئاوا دیراسەی دەکەن.

زۆربەی هەراو جەنگەکانی گەلان و کۆمەڵان ئاخری لە جەنگی نێوان کۆمەڵە ناوێکدا خۆیان دەردەبڕن و بەردەوام دەکەن وەک جەنگی سوننەو شیعە لە ئیسلامدا، یان ناوەکانی عومەرو عەلی، مەعاویەو حەسەن و حوسێن و... هتد.

**9- پرسی دین پرسی ناوەکانە: ئادەم بە بێ زانینی ناوەکان نەدەبوو بە مرۆڤ و جێنشینی دنیا.**

نموونەیەکی بەهێزی ئایینیمان هەیە کە ناشێ لە باسی ئەم بابەتەدا فرامۆشی بکەین. لە تەورات و ئینجیل و قورئانیشدا بە شێوەی جیاواز گرنگی فێربوونی ناوی شتەکان لە لایەن ئادەمەوە وەک بەشێکی گەوهەریی لە پرۆسەی دروستبوونی سروشتەکەی وەک مرۆڤ و نیشتەجێبوون و دەسەڵاتی خوداپێداوی لە سەر زەوی باسکراوە.

تەورات و ئینجیل: ئادەم بووەکانی خودای ناونان

لە تەورات و ئینجیلدا [بایبل] ئاوا باسکراوە:

Out of the ground the LORD God formed every beast of the field and every 19...
bird of the sky, and brought them to the man to see what he would call them; and whatever the man called a living creature, that was its name. 20The man gave names to all the cattle, and to the birds of the sky, and to every beast of the field,

but for Adam there was not found a helper suitable for him. 21So the LORD God caused a deep sleep to fall upon the man, and he slept; then He took one of his ribs and closed up the flesh at that place. And the rib, which the LORD God had taken ... from man, made he a woman, and brought her unto the man

New American Standard Bible

[ له خاكی زەمینەوە پەروەردگار خوداوەند هەموو جۆرە ئاژەڵێكی سەر زەوی دروست كرد و هەموو باڵندەیەكی ئاسمان و هێنانیە بەردەمی مرۆڤ [واتە ئادەم]  تا بزانێت چ ناوێكیان دەداتێ. و هەر ناوێك مرۆڤ لەو بووانەی نا، دەبوو بە ناوی بووەكە.

مرۆڤ ناوی هەموو ئاژەڵگەلی نا و هەروەها ناوی باڵندەكانی ئاسمان. و هەر جانەوەرێكی دەشت و بنار. بەڵام ئادەم قنیاتی بە هیچ لەمانە نەهات و بە هاودەمی گونجاوی خۆی نەزانین

لەبەر ئەوە خوداوەند وای لێكرد خەوێكی قووڵی لێ بكەوێ و كە خەوت یەكێك لە پەراسووەكانی دەرهێناو پڕی كردەوە لە گۆشت  لەو شوێنە لەو پەراسووەی لە پیاوی وەرگرت ژنێكی بۆ دروست كردو بۆ ئادەمی هێنا.

وەك دەبینین بە پێی ئینجیل ئادەم خۆی مەخلوقاتەكانی خودای لە زینەوەرو ئاژەڵ و باڵندە و جانەوەر ناونان و دڵی پێیان خۆش نەبوو، خودا خەوی لێخست و پەراسووی دەرهێنا و لە پەراسووی خۆی حەوای بۆ هاودەمیی ئەو دروست كرد.

هەروەها بە پێی سەفەری خەڵقكردن [جێنیسس) ئادەم خۆی ژنەكەی ناو دەنێ حەوا.

كەوایە پرسی ناوەكان لە تەورات و ئینجیلدا بۆ گێرانەوەی وتاری دروستكردنی حەوا و جینشینكردنی ئادەم / مرۆڤ لە سەر زەمین بەكارهێنراوە.

### قورئان: خودا هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کرد

قورئان هەر ئەو چیرۆکەی تەورات و ئینجیل وەردەگرێت، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز دەیگێرێتەوە.

لە قورئاندا خوداوەند خۆی ناوەکان فێری ئادەم دەکات، بەڵام لە فریشتەکانی دەشارێتەوە تا ئادەم/ مرۆڤ والێ بکات لە فریشتەکان زاناترو لەمەوە باڵاترو بەهێزتر بێت و قسەی مرۆڤ لە بەردەم خوداوەندا بە سەر قسەو داواکاریی فریشتەکان دا زاڵ بێت، کە داوایان لە خودا کرد مرۆڤ نەکاتە جینشێنی خۆی لەسەر زەوی، چونکە شەڕو ناکۆکیی و خوێنڕێژی تیدا دەنێتەوە. بەڵام خودا ویستی مرۆڤ بکاتە جێنشینی خۆی نەک فریشتە. ئەمە لە سورەتی بەقەرەدا ئاوا هاتووە:

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً ۖ قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ (30) وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَٰؤُلَاءِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (31) قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا ۖ إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (32) قَالَ يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَائِهِمْ ۖ فَلَمَّا أَنبَأَهُم بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ (33) وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ (34) وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ (35) فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ ۖ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ

کاتێ خوداوەند بە فریشتەکانی وت: من جێگرێک لە سەر زەمین دادەنێم. وتیان [بە خودا]: ئایا جێنشینێک دادەنێی کە فەسادی تێدا بڵاودەکاتەوە و خوێن دەڕێژێت لە کاتێکدا ئێمە هەمیشە حەمدوسەنای تۆ دەکەین و بە پیرۆزت ڕادەگرین، خوداوەند پێی وتن: من ئەوە دەزانم کە ئێوە نایزانن.

خوداوەند هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کردن، ئەوسا [مەخلوقاتەکانی] نیشانی فریشتەکان دان و پێی وتن: ناوی ئەمانەم پێ بڵێن گەر ئێوە ڕاستگۆن.

وتیان سوبحانەک، ئێمە هیچ زانستێکمان نییە ئەوە نەبێت، کە تۆ پێت داوین هەر تۆ زاناو حەکیمی.

خوداوەند وتی: ئەی ئادەم ناوەکانیان پێ بڵێ. کاتێ ناوەکانی پێ وتن، وتی [بە فریشتەکان} : پێم نەوتن من غەیبی ئاسمانەکان و زەمین دەزانم و ئەوە دەزانم، کە دەری دەخەن و ئەوە دەزانم کە دەیشارنەوە.

و کاتێ بە فریشتەکانمان وت: سوجدە بەرن بۆ ئادەم، هەموویان سوجدەیان برد تەنیا ئیبلیس نەبێت، خۆی بە گەورەتر زانیی [لەوەی سوجدە بۆ مرۆڤ بەرێت] و بەمە بوو بە کافر [لە فەرمانی خودا دەرچوو].

گوتمان ئەی ئادەم خۆت و ژنەکەت لە بەهەشت جێنشین بن و هەموو خۆشییەک بچێژن تەنیا لەم درەختە نزیک مەبنەوە، ئەگینا دەبنە زوڵمکار [لە خۆتان].

شەیتان زەل- لەی پێ بردن و لەو شوێنە دەریکردن، وتمان: دابەزنە سەر زەوی و هەندێکتان ببنە دوژمنی هەندێکی ترتان و با زەمین تا ماوەیەک جێگەی بژێویی و حەوانەوەتان دەبێ.

**ئەنجام:**

بەم جۆرە دەبینین لە هەر سێ دینە ئیبراهیمییەکەدا، بوونی مرۆڤ لە سەر زەوی لە پرس و چیرۆک و ماناو فەلسەفەی ناوەکان جیا ناکرێتەوە.

بە تایبەتی ئەوە روونە، کە زانینی ناوەکان، یانی بوونی بەرزترین دەسەڵات: ناونان و ناوزانین و ناوسڕینەوەو و ناوشاردنەوە: دەسەلاتە، دەسەلاتێکی خەتەرناکیش. کە سەرەتاو پرۆسەو ئاکامی تراژیدیای بوونی مرۆڤ لە سەر زەمین دیاری دەکات.

## 10- ئەرستۆ لە کوێی هەموو ئەمانەیە؟

بێگومان ئەرستۆ لەم بابەتانەی نەکۆلێوەتەوە. بەڵام من بە پێویستم زانی وەک دەروازەیەک بۆ گرنگیی بۆچوون و میتۆدی فەلسەفیی لۆجیکی زانستیی ئەرستۆ، گرنگیی ناو بۆ وتاری بوون و دەسەڵات لە ناو چوارچێوەی پرۆسەو دیمەنە گەورەکەدا ڕوون بکەمەوە.

کەوایە با بگەڕێینەوە بۆ پرسە سەرەتایی و سەرەکییەکەمان:

ئەرستۆ لە کوێوەو، بە چی دەست بە پرۆژە فەلسەفییەکەی دەکات؟

1- پرسی کەتیگۆرییەکان پرسی بوونە

2- بوون لای ئەرستۆ بیری گشتیی و ئەبستراکت و میتافیزیکی ئەفلاتونیی نییە.

3- پرسی بوون، پرسی شتە فیزیکییە دیارو بەرچاو و بەرهەستەکانن. وەک شتی تاک و سەربەخۆ

4- شتەتاکەکان لە کوێن؟ بە کامیان دەستپێدەکەین؟ چۆن باسیان دەکەین؟

5- ناشێ شتە فیزیکییە تاکەکان سەرنج بدەین، بیانناسین، هەوڵی ناسین و لێکدانەوەیان بدەین گەر ناویان نەبێت.

6- ناوی شتەکان لە زمانی ڕۆژانەی بەکارهێنراوی یان نووسراوی خەڵک دان. بۆ ئەرستۆ ئەمە زمانی گریک یان یۆنانیی دەگرتەوە.

7- کەواتە ئەرستۆ بەوە دەست پێدەکات، کە چەند ناوێکی بووە تاکە فیزیکییە بەرچاوەکان لە ڕەوشی بەکارهێنانی زماندا وەربگرێت. ئەوسا سەرنج بدات چۆن لە زماندا. و گرنگتر لە ڕستەو ستراکتووری داڕێژراوی زماندا باس دەکرێن.

8- دەری دەخات گرنگیی ئەمە چییە بۆ یارمەتیدانی بیرکردنەوەی خۆمان دەربارەی شتەکان و، ڕەوشی بنسازییکردنی وتارەکانمان دەربارەی شتەکان لە زماندا لە لایەکەوەو، ئەنجامگیریی

[دیدەکشنی] فاکتی فەلسەفیی و زانستیی لەم داڕشتنانە و، کردنی ئەمانە بە بناغەی دامەزراندنی فەلسەفەی لۆجیک و لۆجیکی فەلسەفیی.

لە بەشی داهتوودا سەرنج دەدەین! ئەم بۆچوونە عەبقەرییە چ بەرهەمێکی زمانەوانیی و لۆجیکیی و فەلسەفیی و زانستیی دەوڵەمەندو دامەزرینەر، پێشکەش دەکات.